kurdi

# ڤایرۆسی کۆڕۆنا و دووگیانی

لە چەندین توێژینەوەدا دەرکەوتووە کە ڤایرۆسی کۆڕۆنا دەبێتە هۆی چەندین نەخۆشیی سەخت بۆ ژنان لە کاتی دووگیانیدا. هەروەها مەترسیی پێویستیی چارەسەر لە نەخۆشخانە و لە بەشی بووژاندنەوەدا لەو ژنانەدا زیادی کردووە. لەو ژنانەدا کە تووشی ڤایرۆسی کۆڕۆنا بوونە منداڵبوونی پێشوەخت و منداڵبوون بە نەشتەرگەریی قەیسەری زیاترە لەچاو ئەوانەوە کە تووش نەبوونە.

ڤایرۆسی کۆڕۆنا بە بەردەوامی کەمێك دەگۆڕێت و لە شێوە تازەکانی ڤایرۆسەکەدا خۆ پاراستن ئاسان نیە بێجگە لەو ڕێگایەی کە خەڵکی ڤاکسینی ڤایرۆسی کۆڕۆنا وەربگرن.

لە فینلەندا ڤاکسینی mRNA بەکاردەهێنرێت. ئەم جۆرە ڤاکسینە لە کاتی دووگیانیدا بێ مەترسیە. لەم ڤاکسینەدا هیچ جۆرە زیانێك بەدی نەکراوە کە پەیوەندیی بە دووگیانیەوە هەبێت و مەترسیی بۆ سەر کۆرپەلەی ناو سکیش نیە. بەڵکو بەپێچەوانەوە: تەنها دوو هەفتە لە دوای وەرگرتنی یەکەمین ژەمی ڤاکسینەکە ئەمنداڵەکەش دژەتەنی دەبێت بەرامبەر ڤایرۆسی کۆڕۆنا. کەواتە ڤاکسینی دایکەکە منداڵە تازە لە دایکبووەکەش دەپارێزێت. ڤاکسین بە تەواوەتی پارێزگاری لە تووشبوون بە ڤایرۆسی کۆڕۆنا ناکات، بەڵام بەهێزەوە ڕێگری لە شێوازە سەختەکانی نەخۆشیەکە دەکات.

دامەزراوەی تەندروستی و خۆشگوزەرانی (THL) و ڕێکخراوی تەندروستیی جیهانی (WHO) ڤاکسینی کۆڕۆنا لە کاتی دووگیانیدا بەباش دەزانن.

ئەگەر تاکو ئێستا ڤاکسینی کۆڕۆنات وەرنەگرتووە، بەباشی دەزانین بە زووترین کات وەری بگریت. هەروەها ئەو کەسانەش کە یارمەتیدەرن گرینگە ڤاکسین وەربگرن.

ڤاکسینەکەت لە شارەکەی خۆت پێ دەدرێت.

زانیاریی زیاتر بۆ نموونە لەم سایتانەدا دەست دەکەوێت: thl.fi و who.int